# ئەمەش بڕیارەکەی دەرچوو لەبارەی تۆ.

نامەیەکم هاوپێچ کردووە کە ئاکامی بڕیاری دەرچوو لەبارەی تۆ و هۆکارەکەی روون دەکاتەوە.
هیوادارم لەمە تێبگەیت و لەو خزمەتانەی کە ئێمە دابینمان کردووە رازی بیت.

## سکاڵاکان یان پرسیارەکان

ئەگەر تۆ لە بارەی بڕیارەکەی ئێمە یان خزمەتەکانی ئێمە هەرجۆرە سکاڵا یان پرسیارێکت هەیە، دەتوانی پێوندیمان پێوە بکەی:

بە ژمارە تەلەفۆنی **0800 096 1928**
بە ژمارە تێکستفۆنی **0800 096 1929**

تۆ دەتوانی لە نێوان 9.00ی بەیانی تا 4:30ی ئێوارەی دووشەمە تا هەینی پێوەندیمان پێوە بکەی. پێوەندییەکەی تۆ لە تەلەفۆنی زەمینیەوە خۆڕایی دەبێت. ئەگەر مۆبایل بەکار بێنی ئێمە تەلەفۆنت بۆ دەکەینەوە.
بە پۆست بڕوات بۆ

**سرویسی سەربەخۆی پێداچوونەوە**
**پۆستی خۆڕایی (FREEPOST)**

بە فاکس **0121 606 2184**

ئەگەر تۆ گرفتی بیناییت هەیە و پێویستە ئێمە نامەکانت بە پیتی برەیل، بە شریتی دەنگ یان چاپی ئەستوور ئامادە بکەین تکایە تەلەفۆنمان بۆ بکە بە ژمارەی **0800 096 1928**.

ئەگەر ویستت بە زمانێکی دیکە لەگەڵمان قسە بکەی یان نامەمان بۆ بنێری، ئێمە دەتوانین ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەمە بکەین. پێوەندیمان پێوە بکە بە ژمارەی **0800 096 1928** تا لەم بارەوە لە گەڵ تۆ قسە بکەین.

## پەیمان و بەڵێنی ئێمە بۆ تۆ

ئێمە بە زووترین کات و□ڵامی سکاڵاکەی تۆ ئەدەینەوە، ئاسایانە لە ماوەی 15 رۆژدا.
هەندێجار ئێمە ناچارین لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەین یان بەڵگەکانی تۆ لە جاب سێنتێر پڵاس (Jobcentre Plus) وەربگرین کە ڕەنگە ماوەیەکی زۆرتر بخایەنێت.

ئەگەر تۆ سکالات هەبێت ئێمە لە گەڵ تۆ دادوەرانە رەفتار دەکەین. ئەگەر ئێمە هەڵەیەکمان کردبێت داوای لێبوردن دەکەین و هەڵەکەمان ڕاست دەکەینەوە.

## یارمەتیەکانی دیکە

ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە لەوانەیە بتوانن یارمەتی تۆ بدەن و ڕاوێژی گشتی و پاڵپشتیت بۆ دابین بکەن. سرویسی پێداچوونەوەی سەربەخۆ بەرپرسیار نابێت لەو زانیارییانەی کە ئەم ڕێکخراوانە بە تۆیان داوە.

### نووسینگەی ڕاوێژی هاوولاتیان (CAB)

نووسینگەی ڕاوێژی هاوولاتیانی ناوچەکەتان باشترین شوێنە بۆ دۆزینەوەی راوێژی خۆڕایی لەبارەی کێشەی یاسایی، پارە و کێشەکانی دیکە. لە ئینگلیس و وێلز تۆ دەتوانی ناونیشانی نووسینگەی ڕاوێژی هاوولاتیانی ناوچەکەتان لە نێو پەڕاوی تەلەفۆن یان لە سەر ماڵپەڕی **www.citizensadvice.org.uk** بدۆزیتەوە، و لە سکۆتلەندیش دەتوانی لە ماڵپەڕی **www.cas.org.uk** بیدۆزیتەوە.

### ناوەندی ڕاوێژی یاسایی کۆمەڵایەتی (CLA)

ئەگەر تۆ شیاوی یارمەتی یاسایی بیت، ناوەندی ڕاوێژی یاسایی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یارمەتی خۆڕایی و نهێنی یان راوێژی یاساییت بۆ دابین بکات لە بواری کێشەکانی قەرز، خانوو، بێکاری، خوێندن، بنەفیتی گوزەرانی ژیان و کرێدیتی باج. پێوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی **0845 345 4 345** یان سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

**www.communitylegaladvice.org.uk**

### ڕێکخراوێ نیگەرانیی تەمەن (Age Concern) و یارمەتی بەساڵاچووان (Help the Aged)

دوو ڕێکخراوی 'نیگەرانیی تەمەن' و 'یارمەتی بەساڵاچووان' یەکیان گرتووە بۆ ئەوەی هەندێ بنکەی خێرخوازیی نوێ ل ئاستی نیشتمانی دامەزرێنن لە پێناوی باشترکردنی ژیانی بەساڵاچووان دا. ئەوان خزمەت و پاڵپشتی دابین دەکەن بۆ هەموو کەسانی سەرۆ 50 ساڵ بۆ دڵنیایی لەوەی کە مەردم زۆرترین کەڵک لە ژیانی خۆیان وەردەگرن. بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری و پاڵپشتیی نهێنی دەتوانی لە ئینگلیس و وێلز لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی **0800 009 966** و لە سکۆتلەند بە ژمارە تەلەفۆنی **0845 125 9732** پەیوەندییان پێوە بکە، یان سەردانی ماڵپەڕەکانی ئەوان بکە لە **www.helptheaged.org.uk** یان **www.ageconcern.org.uk** .

### هێڵی قەرزاریی نیشتمانی

هێڵی قەرزاریی نیشتمانی (National Debtline) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یارمەتی خۆڕایی، نهێنی و سەربەخۆ دابین دەکات سەبارەت بە چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی قەرزاری. دەتوانی بە ژمارەی **0808 808 4000** لەگەڵ هێڵی یارمەتی خۆڕایی ئەوان پەیوەندی بکەی و هەروەها بڵاوکراوەکانی ئەوان لە ماڵپەڕی **www.nationaldebtline.co.uk** دابەزێنی.

### هێڵی یارمەتی لەبارەی بەقەرزدانی نایاسایی پارە

ئەگەر تۆ لە کەسێک پارەت قەرز کردووە کە مۆڵەتی بەقەرزدانی پارەی نییە، تۆ کاری نایاساییت نەکردووە- ئەو یاسای پێشێل کردووە. تیمی تایبەتی قەرزدانی نایاسایی پارە لە سەرانسەری ئەم وڵاتە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەکات لەسەر ئەو کەسانەی کە بەشێوەی نایاسایی پارە بە قەرز دەدەن و هەروەها ڕێنوێنی مەردم دەکات بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە ڕاوێژ و ئامۆژگاریی دارایی گونجاو. ئەگەر تۆ لەبارەی قەرزدەرانی نایاسایی پارە هەرچەشنە زانیارییەکت هەیە؛ دەتوانی بە شێوەی نهێنی تەلەفۆن بکەی بۆ ژمارەی **0300 555 2222**.

سیاسەتی ئێمە بۆ پاراستنی نهێنییەکان ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن کەڵک وەردەگرین لەو زانیارییانەی کە تۆ ئەیدەی بە ئێمە. هەرکات داوا بکەی ئێمە سیاسەتنامەی خۆمان بۆ تۆ دەنێرین وە هەروەها دەتوانی لەسەر ماڵپەڕی **www.irs-review.org.uk** بیخوێنیتەوە.

### مافەکانی تۆ و یاسا

پاش ئەوەی کە ئێمە وەڵامی سکاڵا یا پرسیارەکەی تۆمان دایەوە، ئەگەر نارازی بیت هەندێ مافی دیکەت هەیە بۆ ئەوەی دیسانەوە بەڕەنگاری ئێمە ببیتەوە. لەوانەیە پێویستت بێت لە ڕاوێژکاری یاسایی، دەستەی ڕاوێژی هاوولاتیان یان بنکەکانی یاسا هەندێ یارمەتی یاسایی وەربگریت. ئەگەر لە دوای لێکۆڵینەوەی سرویسی پێداچوونەوەی سەربەخۆ هەر نارازی بیت لەو بڕیارەی کە دەرچووە، ئەمجار دەتوانی سکاڵاکەت بدەی بە دادگای باڵا ( کە ناسراوە بە پێداچوونەوەی دادوەری). ئەگەریش لە هەنگاوەکان و خزمەتەکانی ئێمە ڕازی نەبیت دەتوانی پەنا ببەیتە بەر بەرپرسی یاسایی خزمەتی پارلەمانی و تەندروستی لە ناوچەکە ( Parliamentary and Health Service Ombudsman).